# خولانەوە لە زەلکاودا. . . .

جەمال کۆشش

*"وەکو عەمید روکن ولید بەرێوەبەری بەشی سێهەمی ئیستخباراتی عەسکەری لەکاتی گفت وگۆ لە بەغدا بۆی باسکردم، یەکێ لەهۆکانی پەلەکردن لەهێرشی ئەنفال، ئەو هات وچۆ زۆرەبوو کە هالیکۆپتەرەکانی ئێران بۆ بەرگەڵویان ئەکرد"*

*"ئەوان رزگارکردنی هەڵەبجەیان کرد بەهی خۆیان و، لەدەزگاکانی راگەیاندنی ئێران دا هەراو هوریایەکی ئەوەندە گەورەیان خوڵقاندبەهانەی دابەعیراق بێپونگانەوە بۆمبارانی کیمیایی بکات"*

*( (خولانەوە لەناو بازنەدا، نەوشیروان مستەفا) )*

بازنەیەك لە چەکی تۆقێنەر ئالاوەتە گەردنی دانیشتوانێکی ماندوو، هەزاران سەرباز وتۆپ وتانك وتەیارە خەریکن لە نێو منالانێکی نەخۆش وگەورەسالانێکی شەکەتا کوشندەترین وبێئامانترین شەڕ دائەمەزرێنن، ئەوەی پێشدێت رووداوێکی واقعیە لەووڵاتێکدا عەمباری سامناکترین تەقەمەنیە، پێشکەوتووترین چەکەکانی نابوودکردن بە هەزارەها تۆن لەبن دەستی لۆمپەنترین جەلاد وبێحورمەترین کەس دادەنێن. . . ئیدی تۆقین ولار بوونەوەوساردبوونەوەودلۆوستانی هەزارەها چۆن پێشنەیات!!

پێشتر تیوری رزگارکردنی شار لەلادێیەوە دەستی پێدەکرد، بەلام ئێستا ئەنفال وکیمیایی ولەپیاوەکانی نێو ئەشکەوتەکانەوە دێت. . . وشار بەیەکجاری دائەمالێ لەژیان ولەشارستانیەت. . .

ئەی گرگنی کەچەلی خالێ لە روو. . . تۆ کام درنجی تر دەهێنیتە سەر منالەکانمان تا زارەترەك بن. . . . بەس نەبوو، چیت نەکرد بۆکۆنەپەرستانی بنکەکانی "قەرارگای نەسر"*، چیت نەکرد بۆ ژەنەراڵە شۆڤینستەکانی تورکیا، . . . چیت نەکرد بۆ فاشیستەکانی بەغدا، . . . هیتلەری** ئەم سەدەیە، بەم هەمەوو تفاقی جەنگەوە بۆ کوێ دەهێنی. . .

ئەی کورتە بنەی چاویلکە لەچاو، ئەمجارە تۆی لەتارانا عەمامە دەکەیتە پەشتەمالی سۆزانیەکان وخۆت حەرەس دەگریت. . . . ئێوە هەردوو حزبەکەن، لەگەڵ وەفیق وخەزریجیدا، ئەنفالی سلێمانی وهەولێر بەرێئەکەن، دەریاچەیەك گیانی ئەهوار ووشك دەکەن، کەرکوکێکی بەیروتی وخانەقینێکی کابولی، بەسرەیەکی مەدینەیی دابەش دەکەن، ئێوە گرەو لەسەر سەگی تۆپیویش دەکەن. . . . ئێوە ژیانی چەندین نەوە "دەگەرێننەوە بۆ ناو دۆزەخ". * * * *

### هاوارێك لە شەونمەکانەوە

نووزەیەك لە دارستانێکی رووتەڵەوە بۆ تینوویەتی خورەی رووبارە ماندووەکان، لاقەبارێکەکانی هەناسە بۆ سینەکانی پێش ژەهراوی بوون، لەچاوە ترساوەکانی مەرگەوە بۆ پێش پێلوو قورس بووەکان، لەرەنگە پەرپوەکانی سامناکیەوە بۆ شەوە دەیجوورەکانی چۆلەوانی، لەدلە کوتەکانی حەژمەتەوە بۆدوا ترپە تاهەتا خەوولێکەووتوەکان. . . . . مەهێلن ئەو شەونمانە ووشك بن!!

هاوارە. . . دەخیلتان هاوارە. . . ئەوانەیەکتۆزقال، شەرف و یەکمسقال ئەخلاقیان لا نیە، بۆرژوازی خێلی قەحپەن، لەتاریکی چینە دەکەن، ئەوان گۆرستانەکانیان بۆ سرووەی شەونمەکانمایش ئامادە کردووە.

دەستەکانتان خوێنی لێدەچۆرێ وبەقەد ژمارەی دارخورماکان، سەرەبراوەکانی منالاتان بەدەستەوە. . . ئێوە لەجەلاد، خوێنرێژترن. . . .

دارلاستیکە بێ ناونیشانەکەی بەردەم قەلا، لەتە ئاوێنەکەی بەردەم مزگەوتی گەورە، بچن بەرد بگرنە ئەو پەنجەرەی پەرلەمانەی کە ئێوەی بەبارمتە گرتووە، بچن تف لەو دەم وچاوانە بکەن کە بەدرۆ ماچتان دەکات، ئەو بووکە لاستیکانەتان بەرن بیدەن بەو سەرە کەچەڵیانا، تەباشیری حسابەکانتان بەرن تا رۆژی ریسوایی لەتەختە رەشەکانی مەکتەب سیاسیەکانیان تۆمار بکەن!!

ئێوارەیەکی درەنگە، دڵم یەکجار یەکجار تەنگە، خەریکم لەحەسرەت ئەو جەماوەرەی بەزیندوویی دەیگەڕێننەوە بۆ دۆزەخ، دووکەرت دەبم!!، سەرتان بەرزۆ کەن، ڕوو لەشۆڕش کەن. . .

۰۳/۰۱/۱۲

*ئەو بنکانەی پاسداران بوو کە عەمەلیاتی هاوبەشی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران وپارتی دیموکراتی کوردستانی لەدژی حکومەتیبەعس سەرپەرشتی دەکرد.

**وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا،ساڵی پار، جۆرج دەبلیو بۆشی بەهیتلەری سەردەم لەقەڵەمدا.

***"گەڕانەوە بۆناو دۆزەخ"ناوی فلمێکی دۆکیومنتاری یە سەبارەت بەقوربانیانی عەمەلیاتی سەربازی (ئایجن ئۆراج) ، هێزەکانی ئەمەریکا بەمەبەستی سوتاندنی ناوچە جەنگەڵیەکانی ڤێتنامیەکان لەڕێگەی هێزی ئاسمانیەوە ٤٤ ملیۆن لیتری لەمادەی (دی ئۆکسید) بەسەر ناوچەکەدا ڕژاند، ١٨ ملیۆن کەس بەشێوەی جۆراوجۆر بەر ئەم مادە کیمیایە کەوتن، ئەمڕۆ دوای ٢٧ ساڵ ژمارەی قوربانیانی ئەم هێرشە بەیەك ملیۆن کەس ئامار دەکرێت، لەنێو ئەو کەسانەی لەجەنگدا بەشدارییان کردووە تاوەکو دوو نەوە دوای ئەوانیش واتە سێ نەوە دووچاری پاشماوەکانی ئەم مادە کیمیایە بوونە. هاوڕێی خۆشەویست کاك عرفان کەریم لەوبارەوە ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو لەسایتی کوردستان نیتدا لەرۆژی ۰۲/۱۲/۱۸ بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣